

ژاڵە جیهاد

یاریزانی کاراتێ لە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

# بەهۆی پاڵپشتیی هاوسەرەکەم لە وەرزشکردن بەردەوامم

یانەی پێشمەرگە یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام گرنگی بە یارییە وەرزشییە جۆراوجۆرەکان دەدات لە شاری سلێمانی و تیپی کاراتێی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقە کە خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لە هەر دوو ئاستی کچان و کوڕان، خاوەنی چەندین یاریزانانی بەتوانایە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کچە یاریزان ژاڵە جیهادە کە بە (چاوان) ناسراوەو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری چەمچەماڵەو بە ئاستە بەرزەکەی هەموو لایەکی سەرسام کردووەو، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەکەی، لەوانە پاڵەوانی عێراقە لە کێشی خۆی، پێشووتریش یاری بۆ یانەی چەمچەماڵ کردووە و ئێستاش یاریزانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

* ئاشنایەتیت لەگەڵ یاری کاراتێ چۆن بوو؟

- کە زانیم تیپێکی کاراتێ کراوەتەوە لە شاری چەمچەماڵ منیش ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بەو تیپە و یانەکەوە کرد، خۆیشم حەز و ئارەزوویەکی زۆرم بۆ ئەم یارییە هەبوو.

* بۆچی ئەم یارییەت هەڵبژارد؟ ئایا بۆ کچان یارییەکی قورس نییە و دووچاری کێشە نابن؟

- حەز و ئارەزوویەکی تەواوم بۆ ئەم یارییە هەبوو، زۆر جاریش دوچاری قسەڵۆک دەبوومەوە لەلایەن خەڵکەوە کە چۆن دەبێ کچ وەرزشی کاراتێ بکات، بەڵام دایك و باوکم زۆر پشتگیریان دەکردم، بۆیە زاڵ بووم بەسەر هەموو کێشەکاندا. ڕاستە یارییەکی قورسە، بەڵام جیاوازیی ڕەگەزی نییە و کچ و کوڕ دەتوانن تێیدا گەشە بکەن.

* هەست ناکەی یارییەکی شەڕانگێزیت هەڵبژاردووە؟

- شەڕانی نییە، لە ڕووی دەرەکییەوە وا هەستی پێ دەکەن، ئەگەر نا لە ناوەڕۆکەوە بریتییە لە گیانی هاوکاری و ڕێزگرتن.

* ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟

- ئاستێکی باشی هەیە لە کوردستان و چەند یانەیەك هەن کە گرنگیی تەواو بەم یارییە دەدەن، هیواداریشم لە تەواوی شارەکانی کوردستان گرنگی و خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکرێت.

* پێتوایە ئەم یارییە لە کوردستان گرنگی تەواوی پێ نادرێت؟

- پێم باشە وەکو کچە یاریزانێك زیاتر پاڵەوانیەتی بکرێتەوە و گرنگیی زیاتر بە ئاستی یاریزانان بدرێت، بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییەش بەرەو پێش بچێت، لە ئێستادا بەهۆی قەیرانی دارایی تا رادەیەکی کەم گرنگی بەم یارییە دەدرێت.

* گرفتی یارییەکانی کاراتێ لە چیدا دەبینی؟

- لە ڕووی ماددییەوە گرفتمان هەیە، چونکە پاڵەوانیەتی کەم دەکرێتەوە بەهۆی قەیرانەکانەوە، هیواخوازم ئەو گرفتانەش چارەسەر بکرێت.

* بۆچی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لەم یارییە وەکو پێویست نییە؟

- چونکە لای هەندێك کەس وایە ئەم یارییە تەنیا بۆ کوڕانە، بۆیە لەم یارییە ئافرەت ڕێژەکەی زۆر نییە.

* باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان لەم یارییە چی بووە؟

- بەشداری سەرجەم پاڵەوانیەتییەکانی عێراق و کوردستانم کردووە، پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمم بەدەست هێناوە، لە ئێستاشدا یەکەمی عێراقم لە کێشی خۆم، هەروەها بەشداریم لە پاڵەوانیەتییەك کردووە لە شاری ئەسفەهان لە وڵاتی ئێران کە پلەی سێیەمم بەدەست هێناوە لە کۆمیتەی تاکی کە ٥٠٠ خانم بەشدارییان کردبوو، لە کۆمیتەی تیپیش پلەی یەکەممان بەدەست هێنا.

* خانەوادەکەت بۆ وەرزشکردن تا چەند هاوکاریت دەکەن؟

- تا ڕادەیەکی باش پشتگیرییان کردووم، پێش هاوسەرگیری دایك و باوکم زۆر پشتگیرییان کردووم، لە ئێستاشدا هاوسەرەکەم زۆر پشتگیریم دەکات، چونکە هەندێك لە کچەکان کە هاوسەرگیرییان کردووە دەستبەرداری وەرزش بوون، بەڵام بەهۆی پاڵپشتی هاوسەرەکەم بەردەوامم.

* پەیامت بۆ ئەو کچە یاریزانانەی کە دوورن لە وەرزشکردن چییە؟

- پەیامی من بۆ کچان ئەوەیە کە روو لە وەرزش بکەن و تواناکانی خۆیان دەربخەن

* ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟

- زۆر سوپاسی دایك و باوك و هاوسەرەکەم دەکەم لەگەڵ ڕاهێنەرەکانم کە هەمیشە یارمەتی منیان داوە تاوەکو بەرەو پێش بچم، زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانانی شارەکانی کوردستان، هیوادارم لە ئاساندنی یاریزانان بەردەوام بن.



# دی برۆین گرێبەستەکەی نوێکردەوە




یانەی مانچستەر سیتی گرێبەستی کیڤن دی برۆینی بەلژیکی و ئەستێرەی یانەکەی بۆ ماوەی پێنج وەرزی دیکە نوێکردەوە.

یانەی مانچستەر سیتی بڵاویکردووە تا هاوینی ٢٠٢٣ گرێبەستی کیڤن دی برۆینی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەکەیان نوێکردووە.

دوابەدوای نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی یاریزانە بەلژیکییەکە بە پێگەی فەرمی یانەکەی راگەیاندووە زۆر دڵخۆشە بەنوێکردنەوەی گرێبەستەکەی.

گوتیشی: هەموو کاتێک خواستی خۆم بۆ مانەوە لێرە راگەیاندووە، من لێرە ئاسودەم و دەمەوێت بۆ ماوەیەکی دووردرێژ بەردەوامی بەیاریکردنم لەگەڵ مانچستەر سیتی بدەم.

ئەستێرەکەی هەڵبژاردەی بەلژیکا و یانەی مانچستەر سیتی لەکۆتاییدا گوتی: جێی دڵخۆشی و شانازیمە کە بەشێکم لەم تیمە، بەپەرۆش بۆ ئەوەی لەچەند ساڵی داهاتوودا سەرکەوتنی زیاتریان لەگەڵدا بەدەستبهێنم و دەستکەوتی زیاتر بۆ یانەکەمان دەستەبەر بکەین».

ڕۆژی ٣٠ ئابی ٢٠١٥ یانەی مانچستەر سیتی دی برۆینی لە یانەی فۆلڤسبۆرگی ئەڵمانییەوە گواستەوە، ئەوەش لەکاتێکدا بوو پێشتر بەدرێسی یانەکانی جینکی بەلژیکی و ڤێردەربریمەنی ئەڵمانی و چێلسی ئینگلیزی یاری کردبوو.



# ئەرژەنتین بەمەرج دەبێتە پاڵەوانی جیهان

خوان رۆمان ریکیلمی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین باس لە هەلی هەڵبژاردەکەی بۆ بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیالی ٢٠١٨ی روسیا دەکات.
رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی لێدوانێکی ریکیلمی بڵاوکردووە، کە تێیدا رایگەیاندووە گەر مێسی لە دۆخێکی نمونەییدا بێت ئەرژەنتین هەلی دەستەبەرکردنی نازناوی جامی جیهانی دەبێت.
ریکیلمی لەبەشێکی تری لێدوانەکەیدا لە بارەی گەڕانەوەی کارلۆس تیڤێز بۆ یانەی بۆکاجۆنیۆرز گوتی: تیڤێز یاریزانێکی جیاوازە، ئێمەش هەموو خۆشمان دەوێت، ئێمە دەمانەوێت لێرەبێت و هەر لێرەش کۆتایی بەژیانی وەرزشی خۆی بهێنێت.
لەبەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا یاریزانەکەی پێشووی تانگۆ وتویەتی: ماوەی شەش ساڵە سەرۆکی بۆکاجۆنیۆرز کاری نایاب دەکات، هیوام وایە هاندەرانیش پاڵپشت بن، پێشبینیم نەدەکرد ماوەیەکی هێندە زۆر بۆکا نەتوانێت نازناوی جامی لیبەرتادۆریس بەدەست نەهێنێت.
ریکیلمی لەگەڵ یانەی بۆکاجۆنیۆرزدا چەندین نازناوی بەدەستهێناوەو بەو هۆکارەش بەیەکێك لە یاریزانە دیارەکانی ئەو یانەیە ئەژمار دەکرێت.



# نامەیەک لە خوشکی رۆناڵدۆ بۆ نەیارانەی برایەکی

کاتیا ئاڤیرۆی خوشکی کریستیانۆ رۆناڵدۆی پۆرتوگالی نامەیەک بۆ نەیارانی براکەی دەنووسێت و هەموو ئەو دەنگۆیانە رەتدەکاتەوە کە باس لە رۆیشتنی ئەو ئەستێرەیەی یانەی ریاڵ مەدرید دەکەن.
دوای تەواوبوونی یارییەکەی ریاڵ مەدرید بەرانبەر یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکەرۆنیاو پێکانەکەی رۆناڵدۆ، کاتیا نامەیەک لە ئینستاگرام دەنووسێت و بە نەیارانی براکەی دەڵێت: زۆرێک لە خەڵک چاوەڕوانی ئەوە دەکەن و دەڵێن، کە بەمزووانە ریزی یانەکەت جێدەهێڵیت، ئارەزووی ئەوەش دەکەن رووخساری تۆ بکەوێتە سەر زەوی و شکست بهێنیت.
لە بەشێکی تری نامەکەدا خوشکەکەی رۆناڵدۆ نووسیویەتی: تۆ پاڵەوانیت و بەهێزیت، کارەکانت شایەتی ئەوە دەدەن.
لە یارییەکەی بەرانبەر دیپۆرتیڤۆ لاکرۆنیا یانەی ریال مەدرید ٧ جار تۆڕی گۆڵی یانەی بەرانبەری هەژاند و لەو نێوەندەدا رۆناڵدۆ دوو گۆڵی تۆمارکرد، بەڵام لەکاتی تۆمارکردنی گۆڵی دووەمدا دووچاری پێکان لە رووخساریدا دەبێت و سەرتاپای دەبێتە خوێن، هەربۆیە بەناچاری یاریگا جێدەهێڵێت، بەڵام باری تەندروسی جێگیرەو پێکانەکەی مەترسیدار نییە.

# یانەی ئەی سی میلانی ئیتاڵی سێ راهێنەر بۆ جێگرتنەوەی جینارۆ گاتوزۆ ئامادەکردووە



ماڵپەری کاڵچیۆ مێرکاتۆ بڵاویکردووە هەرچەندە یانەی میلان متمانەی تەواویان بە جینارۆ گاتوزۆ نییە، بەڵام لەکاتی بردنەوەی نازناوی جامی ئیتاڵیا و بەدەستهێنانی بلیتی بەشداریکردن لە پاڵەوانێتیەکانی وەرزی داهاتووی ئەورووپادا تارادەیەك هەلی مانەوەی ئەو راهێنەرە بەهێز دەکات.
بەپێی هەمان سەرچاوە ناوی سێ راهێنەر لەسەر مێزی گفتوگۆکانی دەستەی کارگێری میلانە تاوەکو یەکێك لەو راهێنەرانە بکەنە جێگرەوەی گاتوزۆ.
ئەنتۆنیۆ کۆنتی ئیتاڵی و راهێنەری ئێستای یانەی چێلسی بەهێزترین پاڵێوراوە بۆ جێگرتنەوەی گاتوزۆ، ئەوەش لەکاتێکدایە دەنگۆی ئەوە هەیە کۆنتی لەگەڵ یانە چێلسی ئاسودە نییەو ئەگەری زۆر هەیە دوای تەواو بوونی وەرزی ئەمساڵ دەستبەرداری پۆستەکەی ببێت.
کاڵچیۆ مێرکاتۆ بڵاویشیکردووە کۆنتی پەیوەندییەکی نایابی لەگەڵ مارکۆ فاسۆنی بەرێوەبەری جێبەجێکاری ئەی سی میلان هەیە، ئەوەش خاڵێکی بەهێزو هێندەی تر میلان و کۆنتی لەیەکدی نزیك دەکاتەوە.
یەکێکی دیکە لەو راهێنەرانەی،کە باس دەکرێت ماوریسیۆ ساری راهێنەری یانەی ناپۆلییە، بەڵام نرخی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی ئەو راهێنەرە هەشت ملیۆن یۆرۆیە.
هاوکات رۆبێرتۆ مانچینی راهێنەری یانەی زینیتی روسیش یەکێکی دیکەیە لە راهێنەرە پاڵێوراوەکان، ئەوەش لە کاتێکدایە راهێنەری ناوبراو خواستی خۆی بۆ کاری راهێنان لە کاڵچیۆدا ئاشکرا کردووە.



# نەورۆز

## دەبێتە نوێنەری شاری سلێمانی

## هەولێر سەربازگەیەکی مەشقی لە وڵاتی تورکیا ئەنجامدا

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر بە مەبەستی ئامادەکاری زیاتر بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی یانە پلە نایابەکانی یانەکانی کوردستان و بۆ دەستنیشانکردنی پێکهاتەیەکی تۆکمە بۆ ئەم وەرزەی خولەکە کەمپێکی مەشقی و راهێنانی لە شاری ئەنتالیای وڵاتی تورکیا بۆ ماوەی دە رۆژ ئەنجامدا، لەم کەمپەشدا شاندی تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی هەولێر دوو یاری دۆستانەی ئامادەکاری ئەنجامداوە، جگە لەوەش رۆژانە تیپی تۆپی پێی یانەکە لە دوو یەکەی مەشقیی جیا لە بەیانیان و ئێواران مەشقی چڕی ئەنجامداوە، ئەم وەرزەش یانەی هەولێر متمانەی بە ستافی راهێنەرانی تیپەکەی بەخشیوەتەوە بۆ ساڵێکی تر بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکەن، هەریەك لە یوسف کاکێ و شوان ئەنوەر وەکو ستافی مەشقی و راهێنەران ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆیە و ٢١ یاریزانیش بەشداری کردووە، ئەمساڵیش تیپی تۆپی پێی یانەکە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانانی تازە کردووە و ژمارەیەك لە یاریزانانی خولی عێراقیش لەگەڵ تیپەکە بەردەوامن و چاوی لەوەیە کە بتوانێ ئەنجامێکی شایستە لە خولی نایابی کوردستان بەدەست بهێنێت».



## میران خەسرۆ دەچێتە دەرەوەی هەرێم

دوای ئەوەی میران خەسرۆ ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی زاخۆ توانی ئاستێکی بەرز لە خولی نایابی عێراقی پێشکەش بکات، هەر بەو هۆیەوە ژمارەیەك لە یانەکانی کوردستان چاویان لەسەر تواناکانی ئەم یاریزانەی شاری هەولێرەو دەیانەوێت بە گرێبەستی گرانبەها رازی بکەن بۆ یاریکردن بەتایبەتیش یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی، بەڵام میران چاوی لە دەرەوەی عێراقە بۆ ئەوەی بچێتە قۆناخی پیشەگەری، لەو بارەشەوە سەرچاوەیەکی نزیك لە یاریزانی ناوبراو بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «میران خەسرۆ لە ئایندەیەکی نزیکدا دەچێتە وڵاتی قەتەر بۆ ئەوەی بتوانێ گرێبەست لەگەڵ یانەی شیمالی قەتەری مۆربکات، بەڵام ئێستا کارەکانی بە کۆتایی نەهاتووە، یانەکە نووسراوی کردووە بۆ یانەی زاخۆ بۆ ئەوەی دەستبەرداری میران خەسرۆ ببەن و یانەی زاخۆش رەزامەندی دەربڕیوە.» گوتیشی: «میران زۆر حەزی لە پیشەگەرییە و حەزدەکات لە یەکێك لە یانە گەورەکانی دەرەوەی عێراق یاری بکات، یانەکانی عێراقیش داوایان لە کاپتن میران کردووە بۆ یاریکردن لە خولی عێراقی، بەڵام ئەو زیاتر حەزی لە پیشەگەرییە بۆیە جارێك هیچ بڕیارێکی نەداوە».

دوای ئەوەی یانەی سیروانی نوێ پاشەکشەی کرد لە خولەکە، تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی نەورۆز ئەمساڵ نوێنەری شاری سلێمانی دەبێت لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و قەیرانی داراییش تیپەکەی رانەگرتووە و بەردەوامن لە ئامادەکارییەکان و ئەمساڵ دەستەی راهێنەران و یاریزانان دەیانەوێ نوێنەری راستەقینەی پارێزگای سلێمانی بن و ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بۆ شارەکە بەدەست بهێنن، لە بارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش بۆ دەستپێکی خولی نایابی کوردستان دکتۆر یاسین مەناف راهێنەری یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان زۆر باشە و ماوەیەکی کەمە خۆمان ئامادە کردووە بۆ خولی نایابی کوردستان، هەشت مانگ و نیوە یاریزانانی ئێمە دانیشتوون، بەڵام ٤٥ رۆژە ئامادەکاری دەکەین، دەشتوانین بارودۆخەکە بەرێ بکەین.» گوتیشی: «بەو پەڕی بەهێزییەوە تیپەکەمان کۆکردۆتەوە بۆ چوونە نێو کێبڕکێ لە خولەکە، چەند یانەیەکی شارەکانی کوردستانیش ئامادەکارییەکانیان پێش ئێمە بووە، بە هۆی شێوازی خولەکە و خەرجیەکان خول و یاریزانان ئەرکمان قورس بووە، بەڵام جەماوەری شاری سلێمانی چاوەڕێی ئێمە دەکەن، پارساڵیش ئەرکمان زەحمەت بوو، بەڵام یانەکەمان ئارەزووی زۆری هەیە، ئەگەرچی یاریزان بە یەك دوو رۆژ مەشقکردن ئاستی زۆر باش نابێتەوە و ئامادەکاری باشی پێویستە» لەبارەی قەیرانی دارایی تیپەکەش گوتی: «گرفتی داراییمان هەیەو ئەمساڵیش سەرجەم یاریزانەکانی یانەکەمان تەنیا بە مووچە یاری دەکەن و هیچ گرێبەستێك لە یانەکەی ئێمە نییە بەهۆی ئەو بارودۆخەی داراییەوە نەمانتوانیوە هیچ گرێبەستێکیش بکەین.» لە بارەی گۆڕانکاری لە ریزی تیپەکەش گوتی: «گۆڕانکاریمان کردووەو ٤بۆ٥ یاریزانی تازەمان هێناوە و ناتوانین پیشەگەر بهێنین، ئەگەر بە تەنیا مووچە بێت، ئێستا تەنیا گۆڵپارێزێکی سووریمان هێناوە پارێش لەگەڵمان بووە، قورسە بۆ ئێمە یاریزانی عەرەبی خولی عێراق بهێنین، چونکە لای ئەوان خولی عێراق گرنگترە و ئێمەش هیچ بیرۆکەیەکمان نییە یاریزانی عەرەب بهێنین.» لە بارەی کەمپی مەشقیش گوتی: «ناتوانین بچینە دەرەوەی وڵات کەمپە مەشقەکانمان زیاتر لە ناو شاری سلێمانی بووە، بۆ ئەوەی باشترین تیپ دروست بکەین.

